

# نێرگز


بڵاوکراوەیەکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری وکۆمەڵایەتی یە کۆمەڵەی کورد دەری دەکات لە ئەریزۆنا / ئەمریکا

ژمارە : ٢ ساڵی یەکەم ڕەشەمێ ی ساڵی ٢٧٠٠ ی کوردی/فەبرایەری ساڵی ٢٠٠١ ی زایینی

ئامادەکردنی : نەوزاد مصطفی عزیز


## لەم ژمارەیەدا :


* سەردێڕ ...

* ناودارانی کورد ...

* عادەتی بازاڕ . . ( کورتە چیرۆك )

* کوردم ئەمن . . ( شیعر ـ هێمن )

* وەکو ڕۆژو شەوە . . ( شیعر ـ حاجی قادر )

* چەند زانیاری یەك ...

* گۆشەی مندالآن


## لە سنور لادان

سزای هەر بەر بڕنە موو لە حەددی خۆی کە تێپەڕکا
حەقی پاکینە دارێك بۆ ئەمانی تر کە سێبەرکا

سنووری خۆ ئەپارێزن بەڕێزن بێ غەمن شادن
برۆو برژانگ ئەبینی وا لە تۆێخ و قەیچی ئازادن

لە حەددی ڕایەخی خۆت ڕانەکێشی پێ ئەچێتە کۆت
بە چاکی و ڕاستی ڕەفتارکە با سەربەرز بژی بۆخۆت

ئەوەی دەستی درێژە گەورەکا واچاکە پەل پەل بێ
کەسێ قاچی بەخوار دانا چ خۆشە زوو بەزوو شەل بێ

کەسێ هاتوو تەجاوەز کا نەزانێ حەددی خۆی کامە
هەزار جار گەورە بێ ئینجا بزانێ ئێستە کەم فامە

* گاردۆخی *

* * * *

ناونیشان :


Nergiz
3101 W. Pierson st.
PHX, AZ 85017
U.S.A
Tel: 602-242-9969

## سەردێر . . .

**خوێنەری ئازیز . .**

ئاشکرایە لای هەمومان کە ڕۆژنامەگەری ی کوردی هەمیشە چەکێکی کاریگەر بووەو ڕۆڵێکی باڵای بینیوە لە پێشخستنی باری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری ی گەلی کوردو ناساندنی کورد بە میللەتانی دراوسێ و جیهان .

دوژمنانی کوردیش بە هەموو شێوەیەك هەولیان داوەو هەوڵ ئەدەن کە کورد سەرکوت بکەن و مافی زەوت بکەن ، ڕێگە لە پێشکەوتنی کەلتوورو ئەدەب و زمانەکەی بگرن ،هەر لەبەر هۆکاری ئەو ستەمەشە کەوا ڕۆژنامەگەری ی کوردی ، گەلێك هەورازو نشێوی کردووەو لە هەموو کات و زەمانێك دا شاعێرو نوسەرو ئەدیبی کورد ، کەوتۆتە بەر سزاو ئەشکەنجەی داگیرکەرانی کوردستان .

لەوەتەی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی ، کە (**کوردستان** )ەکەی **میقداد مدحت بەدرخان** بوو لەساڵی ١٨٩٨ ،تاوەکو ئێستا بە سەدان گۆڤارو ڕۆژنامە چاپکراون و بڵاوکراونەتەوە ، کە ئەمەش نیشانەی گۆڕانکاری یەکی گەورەیە لە بواری فەرهەنگی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی گەلی کورددا .

ئێمەش ، هەرچەندە حەددی ئەوەمان نی یە کە « نێرگز» بکەینە هاوشانی ئەو نوسراوە بەنرخانە ، بەڵام بە هیوایین ڕۆژێك بێت و « نێرگز» یش لەو بوارەدا ئەسپی خۆی تاودابێت و کەلێنێکی لە کتێبخانەی کوردی گرتبێت .

## کوردم ئەمن

گەرچی تووشی ڕەنجەڕۆیی و حەسرەت و دەردم ئەمن
قەت لە دەست ئەم چەرخە سپڵە نابەزم مەردم ئەمن

ئاشق چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕخاڵ نیم
ئاشق کێوو تەلان و بەندەن و بەردم ئەمن

گەر لە برسان و لەبەر بێبەرگی ئیمڕۆ ڕەقهەڵێم
نۆکەری بێگانە ناکەم تا لەسەر عەردم ئەمن

من لە زنجیرو تەناف و دارو بەند باکم نی یە
لەتلەتم کەن، بمکوژن، هێشتا دەڵێم کوردم ئەمن

« هێمن »



# عادەتی بازاڕ

**«کورتە چیرۆك»**

## حەسەنی قزڵجی

لە بەغدا کە لە حەیدەرخانەوە بە جادەی ڕەشیددا بەرەو (بابشەرجی) دەڕۆیشتی، هەوەڵین مەیدان ناوی (ساحەتول ـئەمین) بوو. لەو مەیدانەوە جادەیەکی کورت بەبەر خانی حاجی قەدووریدا دەپەڕی یەوە بۆ ئەوبەری دەجلە، بەویشیان دەگوت (شاریعولئەمین). پێش ئەوە بگەیتە خانی حاجی قەدووری، کۆلانێك لەو جادەیەوە دەچوە بازاڕی مسگەرەکان، ئەو کۆلانە ئەوەندە تەنگ بوو ئەگەر حەماڵ بە کۆڵە تووتنەوە پێیدا دەڕۆیشت ڕێگە دەبرا. هەر ئەوەندە بوو هۆڕن لێ نەدەدراو پۆلیسی هاتوچوو نەوێستابوو، دەنا دەبوو بوێستی تا قەتاری حەماڵ تێ دەپەڕێ.

ئەو حەماڵانە فەردە تووتنەکانیان دەبردە خانی عەبدولقادر خەفاف، یا سەراف. بەهەرجۆر، تۆ نە حەماڵی نە تووتن کڕ. کابرا سەراف بێ یا خەفاف، بۆ تۆ فەرقی نی یە. با ئێمەش وەکوو حەماڵەکان پێی بڵێین عەبدولقادر ئەفەندی، تا لەم چەقی ڕێ یەدا بە دەست ناوەکەیەوە گیر نەخۆین.

بەغدا وەکو پیوازی توێ توێ وایە، ئەوەی بە بەرچاوەوەیە توێی سەرەوەیەو شارەزابوونی ئاسانە، جادەیەو ئەم بەرو ئەوبەری مەغازەیە، لەسەر مەغازەکانەوە یانەی حەکیم و ددانسازو پارێزەرو شتی لەم بابەتەن. تابلۆیان لەسەر دەرگاکانیان، وەکوو تەبکە بۆ مشتەری ناوەتەوە. هەرکامێك لەوانەش گلۆڵەیەك ڕازو نهێنیی خۆی هەیە. ئەمە ڕواڵەتی بەغدا یا توێکڵی سەرەوەی ئەو پیوازەیە. ئەگەر بتوانی بەنێوان ئەو توێکڵانەدا خۆ بگەیەنیتە ناوەڕۆکەکەی شتی زۆر سەیر دەبینی. دوور نی یە ئاخرەکەی ڕێت بکەوێتە خەز ـێنەکەی (عەلی بابا).

ناوەڕۆکی ئەو پیوازەش ڕواڵەتێکی هەیە کە ناوی بازاڕە. بازاڕ هەمووی سیپەو حەشارە بەتەنیشت یەکەوە. لە هەر حەشارێکدا ڕاوکەرێك دەستی داوەتە چەکی نیوگەز، یا تەڵەی تەرازووی ناوەتەوەو خۆی مات داوە. نێچیر وەك لافاو لەمسەرەوە بەساخی دێن و لەوسەرەوە کە دەردەچن، هێی وایان هەیە نیوگەز گیرفانی دڕیوەو هێی واشیان هەیە کیسەکەی بەتەڵەوە بووە.

ئەمەش هێشتا شتێکی زۆر سەمەرە نی یە. ناوبەناو لەنێوان ئەو سیپەو حەشارانەدا، دڕزێك، قەڵەشتێك هەیە، ئەگەر خۆت باریك بکەیتەوەو بەدڕزێك لەو دڕزانەدا بڕۆی، دەگەیە شتی زۆر سەیرو سەمەرە کە پێ یان دەڵێن: خان. مشکی سەر خەزێنە بەناوبانگە، دەڵێن مشك کونێکی پێچەڵپێچی، درێژی، تاریك هەڵدەکەنێ، ئاڵتوون دەدزێ و لە قوژبنێکی کونەکەیدا کۆی دەکاتەوە. شەوانە گاڵتەیان پێ دەکاو کەیفی پێ دێ. ئەو خانانەش کونە مشکی سەر خەزێنەن.

خانی عەبدولقادر ئەفەندی یەکێ بوو لەو کونە مشکانە. قاپی یەکەی بچووك بوو، حەماڵەکان فەردە تووتن، کەتیرە، مازوو، خوری و شتی وایان لەبەر دەرگاکە دادەناو دەیانهێنا ژوورەوە. لە قاپی یەکە ـوە تا ژووری، دالانێکی دوو سێ میتری بوو. دەڵێین ژوور چونکە ناوێکی دیکە نی یە پێی بڵێین. لەوە دەچوو ئەسڵەن حەوش بووبێت کەی و، چ وەختێك سەری گیراوە؟ نازانین! ئێستا ئەوا لە قاتی دووهەم بانێکی قایمی بەسەرەوەیەو ئەم حەوشەی کردۆتە هۆڵ. لە حەواشەوە عەبدولقادر ئەفەندی سنووری موڵکی خۆی دیاری کردووە، تەنانەت هەتاویش بە خۆڕایی ناتوانێ ڕێی بکەوێتە ئەوێ.

لە سووچێکی ئەم هۆڵە قەپانێکی گەورە وەکوو تەڵە نراوەتەوە. لەلای قاپی یەکەوە جێگایەك هەیە. پێش ئەوە کە حەوشەکە بانی بخرێتە سەر، هەیوان بووە. ئیدارەی عەبدولقادر ئەفەندی لەوێ یە. دوو قەنەفەی لێ دانراوەو مێزێکیان لەنێواندایە. وادیارە ئەوانەش هاوتەمەنی خانەکەن. بەڵام شەربەی ئاوو پەرداخەکە، بێ گومان لەو قەنەفانە گەنجترن. لە تەنیشت ئەو کۆنە هەیوانەوە، قاپی یەکی قورس و قایم هەیە هەمیشە داخراوەو کلیلەکەی لە گیرفانی عەبدول ـقادر ئەفەندی دایە. ئەو قاپی یە، وەکو (زاکیر)ی خانچی دەیگوت دەچێتە (سەرداب) یانی ژێرخانێکی گەورە کە سێ سندووقی پۆڵای لێ یە.

ڕۆژی هەوەڵ کە مانگی بە چوار دینار لای ئەفەندی دامەزرام، ئەرکی ڕۆژانەی منی دیاری کرد: مەخاریجی ڕۆژانەی ماڵەوە لەو دەفتەرە بنووسە. چەند فەردە تووتن دێ و چەندەش دەڕوا لەو دەفتەرە بینووسە. لە ژوورەکانی قاتی دووهەم لەگەڵ زاکیر گوونی ـیەکان بژمێرن، تازە بەجیاو، کۆنەی ساغ بەجیاو، دڕاو بەجیا دانێن و لەو دەفتەرە بیاننووسە. ئیشەکانی تریش خۆم بە ڕۆژدا لێرەم پێت دەڵێم.

مەخاریجی ماڵەوە ڕۆژی هەوەڵ: ترێ ٥٠ فلس، گۆشت ١٥٠ فلس، نان ٦٠ فلس، تەماتەو سەوزی ٣٠ فلس، جەریدە ١٠ فلس

ڕۆژی دووهەم: شووتی ٥٠ فلس، ئەوانی دیکە وەك خۆیان.

ڕۆژی سێهەم: لە جیاتی شووتی، کاڵەك.

ئاخری مانگ ئەفەندی گووتی: کوا دەفتەری ماڵەوە؟

— ئەوەتا

— حیسابی هەموو ڕۆژێکت نووسیوە ؟
— نەخێر . چی بنووسم ؟ هەموو ڕۆژێ ٣٠٠ فلسە . ئەوا ئێستا دەنووسم مەخاریجی ئەم مانگە ٩ دینار .
— کاکە ، ئەمە دەڵێی چی ؟ گۆترە نی یە . ئەمە تیجارەتە .
( بەچیەوە ) کچەکەشم لەماڵەوە دەینووسێ . سەری مانگ بەرامبەریان دەکا ، بەڵکو زاکیر فروفێڵی کردبێ .
— ئەفەندی عەیبە . لە ٣٠٠ فلس فروفێڵ چی دەکرێ ؟
— کاکە تۆ نیقاش مەکە . ئەمە تیجارەتە .
— باشە ، ئەفەندی ، باشە .

ڕۆژێك لەگەڵ زاکیر چەند سەعات گوونیمان جیادەکردەوە ، گەرووممان پڕبووبوو لە تەپ وتۆز ، لەتینوانا دەهاژاین . گووتم : زاکیر بچۆ دوو پیپسی کولا بکڕە با لەتینوانا نەخنکێین . زاکیر زۆری بەلاوە سەیر بوو ، لەبیچمی وا دەرکەوت کە لەمێژووی ئەو خانەدا هەوەڵین جارە شتی وا دەبیسێ. گوتم : بۆچی واقت وڕماوە ؟ ئەوە ٣٢ فلس ، ڕاکە زوو وەرەوە .

دانیشتبووین پیپسی کۆلامان دەخواردەوە . ئەفەندی پەیدا بوو . بێ ئەوە سڵاو بکات ، بەڕوویەکی گرژەوە هات دانیشت . زاکیر پیپسی کۆلاکەی بەجێ هێشت و چووە گیان گوونی یەکان . خۆم بەوەوە شەکەت نەکرد ئەفەندی بۆچی ڕووگرژە . پیپسی کۆلای خۆم خواردەوە . بانگم کرد زاکیر وەرە پیپسی کۆلاکەت گەرم دەبێ . ئەفەندی ، دەمی وەك مەشکەی کۆن تەقی و نەڕاندی : کاکە . ئەمە خانە ، گازینۆ نی یە . تۆ خۆت کار ناکەی ، خەریکی زاکیریشم لێ بەدعەمەل کەی ؟ من خۆم پیپسی کۆلا ناخۆمەوە ، ئێوە پارەتان لەکوێ بوو پیپسی کۆلا دەخۆنەوە ؟ کاسبی چۆن وادەبێ ؟

— ئەفەندی خۆ گوونی یەکانمان نەگۆشیوە پیپسی کۆلای لێ چۆڕابێتەوە . من بە پارەی خۆم کڕیومە . جگە لەوەش خۆ من حەماڵ نیم ، کاتبم . ڕاستت پێ بڵێم ، لەبەر تۆ نی یە یارمەتی زاکیر دەدەم ، بەزەییم بەودا دێتەوە .
— بەزەییی چی ؟ زاکیر خانچی یە ، دەبێ کاری خۆی بکات . تۆ وادیارە بەکاری بازاڕ نایەی . وابزانم بۆنی ( یەعیش و یەسقوت ) لە مێشکت دێ !

ـنەوەڵلا ، ئەفەندی ، من کابرایەکی کاسبم ، لەو کوردستانەوە هاتووم ،سەرم لەم بەزمانە دەرناچێ ، ئەگەر ڕازی نیی ، دەڕۆم . ئەوەندەی بیر کەوتەوە کە شەش دینار لە کاتبەکەی پێشوو کەمتر بە من دەدا. خاوبۆوەو گوتی : باوکم ، برام ، تۆ غەریبی ، دەمەوێ فێری کاسبی ببی . عەقڵی خوێندەواری لە سەرت دەرکە . ڕۆژێ ٣٢ فلس پیپسی کۆلا مانگی دەکاتە نزیکەی دینارێك ، کۆی کەرەوە ، پاش چەند ساڵی تر بیکەرە دەسمایەو کاسبیی پێوە بکە بۆ خۆت دەبیە پیاو . ئێمەش هەر وامان کردووە .

تا ئەو کاتە تەواو بەوردی سەرنجی سەروگوێلاکی ئەفەندیم نەدابوو . بەڕاستی مشکی سەرخەزێنەم بیر کەوتەوە . سەرێکی گرموڵە ، دوو چاوی بچکۆلەو زیت ، لووتێکی باریك ، دەمێکی درێژ پێستێکی وەك کۆنە مەشکە . لەسەر قەنەفەکە قوت ببۆوەو خێرا خێرا دەیڕوانی یە من ، دەیڕوانی یە قەپانەکە . دەرگای ژێرخانەکە جاروبار لە شووشەکانی پیپسی کۆلا مۆردە بووە . تێگەیشتم کە شووشەکان وەك ( مەرگەمووش ) ئازاری دەدەن . هەڵم گرتن و چووم بۆ لای زاکیر ، ئەوەندەی هەوڵم دا زاکیر پیپسی کۆلاکەی نەخواردەوە . سپی هەڵگەڕابوو ، خێرا خێرا گوونیی دەژمارد . گووتم کورە ئەوە بۆچی دەترسی ، خۆ دنیا سەری بەپووش نەگیراوە ؟ بە دەنگی بەرز تا ئەفەندی گوێی لێ بێ ، گووتی :

— ئەفەندی ڕاست دەکا . ئێمە کاسبین نابێ هەڵەخەرجی بکەین . لەپاشان بەچپە گووتی : ئەم کابرایە دەرمکا لە هیچ خانێك ڕام ناگرن ، دەڵێن یا دەست پیسە ، یا سەرسەری یە . کارێکی دیکەش نازانم ، منداڵەکانم لە برسانا دهمرن .

تورزێکی پێ چوو ئەفەندی بانگی کرد وەرن . هاتینە خوارەوە . مامسەعدوون و چەند کەسی تر لە دهۆکەوە کەتیرەیان هێنابوو .
— کاکە تۆ بچۆ دانیشە ، بی یانووسە . زاکیر وەرە بی یانکێشە . زاکیر فەردەی کەتیرەی دەخستە سەر قەپانەکەو ئەفەندی خۆی تەماشای دەکرد . بنووسە : ٤٨ کیلۆ — ٤٠ کیلۆ — ٣٢ کیلۆ — ٤٦ کیلۆ . دوای قرەو هەرایەکی زۆر نرخیان بڕی : کیلۆی بە ٢٠٠ فلس .
— هەمووی بوو بە چەند کیلۆ ؟
— ١٦٦ کیلۆ .
— چوار جێگایە ، ٨ کیلۆی لێ فڕێ دە .
مامسەعدوون : عەبدولقادر ئەفەندی چۆن ٨ کیلۆ ؟ ئەم کیسانە یەکی کیلۆیەکیش نابن .
— کاکە ئەمە عادەتی بازاڕە . ئێرە بەغدایە ، بەغدا .
— ٦ کیلۆی تەپ وتۆزو خاك وخۆڵ لێ فڕێ دە .
مامسەعدوون : کورە پیاوی چاك بە ،کەتیرە دەڵێی جەواهیراتە تەپ وتۆزی چی ؟
— کاکە ئەمە دەڵێی چی ؟ چەند جارت پێ بڵێم عادەتی بازاڕە ؟
— بەڵێ ، دەمێنێتەوە ١٥٢ کیلۆ .
— بیکە بە باتمان .

ـ دە باتمان و دوو کیلۆ .

ـ نا ، نا ، وانی یە کەمتر دەکات .

ـ بۆچی وانی یە ؟ ١٥٢ کیلۆ ، هەر باتمانی ١٥ کیلۆ ، دەکاتە ١٠ باتمان و دوو کیلۆ ، ئیتر چی ؟ خۆ شتێکی ئەوەندە زۆر نی یە .

ـ کاکە غەڵەتی ، عادەتی بازاڕ ١٦ی بە ١٥ یە .

ـ تێ ناگەم ، ١٦ بە ١٥ یانی چی ؟

ـ دەزانم تێ ناگەی . تاوانی خۆمە تۆم ڕاگرتووە . ١٦ کیلۆ دەژمێرن و دەڵێن ئەمە ١٥ ، دایدەنێن بە باتمانێك .

هێندەم پێ سەیربوو دام لە قاقای پێکەنین و گوتم : دەی جا با ئەمەش عادەتی بازار بێ هەر ١٦ دیناری بۆ دەژمێرین و دەڵێین ئەوە ١٥ دینار .

مامسەعدوون گووتی : ئەو کێشەیەی ناوێ . ئەو میرزایە چۆنی حیساب دەکات بەوپێ یە پارەم دەدەیێ باشە ، دەنا دەیبەمە خانێکی دیکە .

ـ کوڕە ئەمە عادەتی بازاڕە . لەهەموو خانێك هەر وایە

ـ من عادەت و مادەت نازانم . هەر ئەوەیە پێم گوتی .

ئەفەندی لە تووڕەیی یان چاوی دەرپەڕیبوو : باشە دەکاتە چەند ؟

ـ ٣٠ دینارو چوارسەد فلس .

ـ چوار جێ یە . دەلالی یەکەی دەکاتە چوار دینار . تۆ ٣ دیناری لێ دەرکە ، بۆ مامسەعدوون بە زایە ناچێ .

ـ٢٧ دینارو چواسەد فلس .

ـ دینارێکیشی ئەرزی یەو قەپانی لێ دەرکە .

ـ ٢٦ دینارو ٤٠٠ فلس .

ـ ٤٠٠ فلسەکەش حەماڵیی زاکیر .

مامسەعدوون و ئەوان ڕۆیشتن . ئەفەندی گووتی : چەندی مانگە ؟

ـ ١٥ی مانگە .

ـ بگرە ، ئەوە دوو دینارو ، برۆ بەڕێی خۆتەوە . تۆ بە کاری بازاڕ نایەی .

# وەکو ڕۆژو شەوە

وەکو ڕۆژو شەوە فەرقی گودازی شەمع و سوتانم
کە ئەو هەر شەو دەسوتێ من هەموو دەم گەرچی ئینسانم

بەتەخمین وەصفی فیردەوس و جەهەنەم بۆچ دەکا واعیز
لەسایەی وەصڵ و هیجرانت بەخۆم دیتومە دەیزانم

لەسیری حیکمەتی چاوت گەیشتم باعیسی ڕوحە
تەبەسوم ماوە لێ ناگەم لەفەهمی ڕەمزی حەیرانم

کزەی جەرگم دەخیلت بم فیراقم کرد ئەوا مردم
دەسا دەی بێرە لامم ساتێ نەماوە تابی هیجرانم

ئەبوزەیدی دەکا ڕوحم لەگەڵ حاجی دەمێت ئەمما
دەترسم وەك نیشانم دا بڵێ : هیچەو یەشیمانم

کە دوێنێ هاتی فەرمووت لێ و نەهاتم مەصلەحەت وابوو
ئەوێستا چاوەکەی من چی دەفەرمووی بەندەفەرمانم

ئەگەر بەغدا شکا سەددی نەما داری لەسەر بەردی
لە دەجلە ناگرن ( حاجی ) دیارە جۆشی گریانم

حاجی قادری کۆیی

١٨٩٧ ـ ١٨١٧

# ناودارانی کورد . . .

## عەبدولڕەحمان موفتی

ناوی ، عەبدولڕەحمان کوڕی موفتی عەبدولعەزیز حاجی مەلا ئەمین حاجی مەلا ئەحمەدە ، ڕۆژی ١٩٢١/١١/١١ لە شاری سلێمانی هاتووەتە کۆڕی ژیانەوە . نازناوی ( شێرۆ )ی بۆ خۆی داناوە . ساڵی ١٩٢٨ چووەتە حوجرەو لای مەلا فێری قورئانی پیرۆزو خوێندن و نووسین بووە ، ئەیلولی ساڵی ١٩٢٩ چووەتە قوتابخانەی سەرەتایی ، ساڵی ١٩٣٤ پۆلی شەشەمی سەرەتایی تەواو کردووە . ساڵی ١٩٣٧ خوێندنی دواناوەندی لە شاری ( کەرکوك ) تەواو کردووە ، لە ١٩٣٨/١٢/٢٧ دا لە کۆلێژی سەربازی لە ( بەغداد ) دەرچووەو بووە بە ئەفسەر . لە سوپادا گەیشتووەتە پایەی ( لیوا ) ، ساڵی ١٩٦٩ خانەنشین کراوە .
ماوەیەك یاریدەدەری پارێزگاری سلێمانی بووە ، بەشداری شەڕەکانی ( فەلەستین )ی کردووە . ئەم پیاوە زۆر وێژە دۆست بووە . نووسین و هۆنراوەی لە ڕۆژنامەی ( ژین )و ( ژیان )دا بڵاو کردووەتەوە . چەند نامیلکەو پەراوێکی داناوە هێشتا چاپ نەکراون . شەوی ٢٢ـ١٩٩٦/٥/٢٣ کۆچی دوایی کردووەو لە شاری سلێمانی لە گردی سەیوان نێژراوە .

## سەیید ئەحمەدی نەقیب

هۆنەر ناوی ،( سەید ئەحمەد کوڕی شێخ مەحمود شێخ حەسەن )ی گڵەزەردەیە . لە بنەماڵەیەکی سەیید و مەلا زادە لە ساڵی ١٨٦٣ لەشاری سلێمانی چاوی بە ژیان هەڵهێناوە. هەر بە منداڵی خراوەتە بەر خوێندن . زانستە باوەکانی سەردەمی خۆی خوێندووە .لای شێخ مستەفای موفتی‌کوڕی بابا ڕەسوڵی بەرزنجی ئیجازەی زانستی وەرگرتووە .لە تەمەنی شانزە ساڵیدا کراوە بە نەقیب لە شاری سلێمانی .
پیاوێکی زاناو ڕۆشنبیرو دووربین و سەربەست بووە .لە ڕێگەی ( موسڵ )ەوە چووەتە ( ئەستەنبوڵ ) و بیرەوەری ڕۆژانەی خۆی بەوردی تۆمار کردووە . لەوێ چاوی بە سوڵتانی عوسمانی کەوتووە . دواتر گەڕاوەتەوە شاری سلێمانی . ساڵی ١٩١٠ چووە بۆ ( حەج ) لە لایەن ئەمیری شاری ( مەدینە ) وە پێشوازی لێ کراوە . بەڵام لەوێ زۆری پێ نەچووە کە تووشی نەخۆشی بووە پاش هەژدە ڕۆژ بەو نەخۆشییە ساڵی ١٩١٠ کۆچی‌دوایی کردووە لە گۆڕستانی ( بەقیع ) لە شاری ( مەدینەی منەوەرە ) بە خاك سپێردراوە .



عەبدولڕەحمان موفتی



سەیید ئەحمەدی نەقیب

## کورد دەڵێت

* پەلە کردن پەشیمانی لە دوایە
* دوو کاڵەك بە دەستێك هەڵناگیرێت
* ماست نەیژەنیت کەرە ناکات
* تەنیایی لە هاوڕێی خراپ چاکترە
* واتەی بەد زۆر کەس پۆستەچی یە بۆی
* دوکەڵ بێ ئاگر نابێت
* ماڵی فرە کەیبانوو چێشتی یا سوێرە یا بێ خوێیە

## ووتەی بەنرخ

ـ ئازادی بۆ مرۆڤ نایەتە خوارەوە، پێویستە مرۆڤ بۆی سەرکەوێ. « **هۆگۆ** »

ـ ئازا ئەو کەسەیە کە لە تەنگو چەڵەمەدا خۆی بگرێ. « **ئەفلاتوون** »

ـ منداڵان گوڵی سەر زەمینن. « **بەرنادشۆ** »

ـ منداڵان هێزی زیندووی کۆمەڵن. « **ئەدیسۆن** »

## ئایا ئەزانی ؟؟؟ ! ! !

شۆڕشە مەزنەکەی **میر بەدرخان پاشا** (١٨٤٣ـ ١٨٤٧) بە یەکەم بزووتنەوەی نیشتمانی لە پێناوی کوردستانێکی سەربەخۆدا دەژمێردرێ کە ئەوسا لە دژی دەسەڵاتی عوسمانی یەکان بەرپاکرا .

دەسەڵاتی **میر بەدرخان** توانیبووی تاکو موکریان ئازاد بکاتو دەستوورو یاسای حکومەتێکی ڕێكوپێکی کوردی لەگەڵ نیزامێکی دارایی باش دابمەزرێنێ . ئەم حکومەتە کوردی یە هەر لە دیاربەکرەوە تاکو وانو موسڵو ڕەواندوزو ساباڵاغو ورمێو سنەی گرتبۆوەو **میر بەدرخان** دراویشی بەناوی خۆیەوە لێ دابوو، کە لە دیوێکی « **ئەمیری بۆتان بەدرخان** »و لە دیوەکەی تریشی « **ساڵی ١٢٥٨ك** »ی لەسەر نوسرابوو .

ئەوەی جێی سەرنجە ، **میر بەدرخان** لە تەمەنی هەژدە ساڵی یەوە دەسەڵاتی جەزیرەو بۆتانی گرتبووە دەست، هەروەها دوای خۆی نەوەد ( ٩٠ ) کوڕی جێ هێشتووە ، کە هەر هەموویان بۆ سەربەخۆیی کوردستان تێکۆشاون .

سەرچاوە : گۆڤاری چوارچرا
نوسەر : کەمال علی

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## ڕۆژژمێری کورد

❋ ڕۆژی ڕەشی شەشی ئەیلول ساڵی ١٩٣٠ ، ڕۆژێکە لە ڕاپەڕینەکانی گەلی کورد، گەلی کورد لەشاری سلێمانی خۆپیشاندانێکی زۆر گرنگ ئەگێڕن، لە ئەنجامدا سەربازانی میری کە بەرامبەر لاوان بەچەکەوە وەستابوون، دەست درێژی ئەکەنە سەریانو دەستڕێژیان لێ ئەکەن .

گەلی کورد لەو هەڵایەدا کوشتاری زۆری لێ ئەکرێو خوێندەوارانو مامۆستایانی هەموو لەبەندیخانەکان توند دەکرێن .

ئەو ساتەی ئەوە ڕوی دا ، شێخ محمودی نەمر بەچیای پیرانەوە ئەبێت، هەواڵی ئەو شەڕو کوشتارە زۆر پەستو دڵگیری ئەکاو ماتەمی دای ئەگرێ . یەکێك لەو کوژراوانەی بەردەرگای سەرا ناوی ( ئەلە گونسوتاو )ئەبێ، کە حەماڵ ئەبێو بەڕێکەوت بەوێدا تێپەڕ دەکاو بەبێ تاوان ئەکوژرێ ، شێخ محمود ئەڵێ : **پەیمان بێ نەیەڵم خوێنی ئەلە گونسوتاو بەفیڕۆ بڕوات .**

لە تۆڵەی ئەو شەڕی بەردەرگای سەرایەدا ، شێخ محمود خۆی دەگەیەنێتە **ئاوباریكو لەوێ شەڕێکی زۆرگەورە** بەرپا ئەکات بەرامبەر **هێزی میری ئەوسەردەمە. کەبەڕاستی لەوشەڕەدا حەشریان پێ ئەکات.**

سەرچاوە : ڕێبەی کوردەواری

# گۆشەی منداڵان

وێنەیەکم کێشاوە
دوو چاوم بۆ داناوە
ڕەش و لار و گێڕ و خڕت
بۆت ئەڕوانێ زرتە زرت
لووتی زۆر پان و پۆڕە
لچ و لەوسیشی شۆڕە
ڕوومەتی خڕت و خۆڵە
چاوانی بێ برژۆڵە
مل باریک و سەر قورسە
لە قاچ و قول مەپرسە !
تۆزێ کورتە باڵایە
ئامادەیە بۆ کایە
کە دایکم دی، نازی دام
تێمی گەیاند کە وەستام
گوتی : بەهـ بەهـ لەم کارە
چەندە جوان و لە بارە
خودایە شوکرت دەکەم
هونەرمەندە ڕۆڵەکەم



## هەر کەس کار نەکات ناخوات

لە کێڵگەیەکدا هەموو ئاژەڵەکان بەبێ دەنگی کاری خۆیان دەکرد ، مانگا زەویی دەکێڵا و شیری دەدا ، ئەسپ ناعوورەکەی دەگێڕاو ئاوی بۆ کێڵگەکە دەردێنا ، سەگیش کێڵگەکەی دەپاراست .. تەنیا گوێ درێژی تەمبەڵ نەبێت کە عارەبانەکەی دەبرد بۆ بازاڕ ، هەستی دەکرد لە هەموویان زیاتر کار دەکات و هیلاك دەبێ .

بەیانی یەك بیری کردەوە ، شتێك هات بە مێشکیدا . زۆری پێ نەچوو جووتیارەکە هات بیبات بۆ لای عارەبانەکە ، بەڵام گوێدرێژەکە مانی گرت و لە شوێنی خۆی نەجووڵایەوەو گووتی : لەمەودوا کار ناکەم ! جووتیارەکە پێکەنی و گووتی : زۆر باشە ، دەتوانیت نەیەیت بۆ ئیش.

بۆ نیوەڕۆ جووتیارەکە دانەوێڵەی بۆ مریشکەکان ڕۆکرد ، ئالیکی بۆ ئەسپەکە داناو هیچی بۆ گوێدرێژ دانەنا !

گوێدرێژەکە هەستی بە برسێتی کرد ، داوای لە مانگا کرد بەشی بدات نەیدایە ، بە ئەسپی گوت ، ئەسپیش بەشی نەدا . گوێدرێژەکە زۆر برسی بوو ، ئەو ڕۆژە هیچی نەخوارد ، بۆ بەیانی لەگەڵ قووقەی کەڵەشێر ، گوێدرێژ ملی ڕێی گرتە بەرو بەرەو عارەبانەکە ڕۆیشت و بە جووتیارەکەی گوت : ئەوەی کار نەکات ناخوات .

گۆڕینی لە عەرەبییەوە : عەبدولخالق قەرەداغی

نیگار : بەختیار ئیسماعیل جاف



# مــه تــه ڵ

**مناڵە ئازیزەکان . . .**

**مەتەڵی ئەم جارەمان هەشت پیتە**

**ناوی جێگایەکی خۆشە لەم سەر زەمینە**

**پیتی ٨ + ٧ + ٢ = هەموو کەسێك هەیەتی**

**پیتی ٥ + ٢ + ٣ = یەکێکە لە ڕەنگەکان**

**پیتی ٤ + ٧ + ٨ = پاك ڕایبگرە با کلۆر نەبێ**

**وەڵامەکەت بنێرە بۆ نێرگز ، بەخەتی خۆت**

**لەگەڵ وێنەیەکدا .**

**تکایە با وێنەکە زۆر بچووك نەبێت .**



**وەڵامی مەتەڵی ژمارەی پێشوو : منداڵ**

**خەڵاتەکە سەعاتێکی دەستی بوو**

**بۆ هونەر عمر کاڵێ دەرچوو، پیرۆزبایی لێ دەکەین**

❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋

# بۆ پێکەنین

( ١ )

**نەخۆش** : دکتۆر ، هەموو بەیانییەك کە لەخەو

هەڵئەستم ، هەتا نیو سەعات هەست

بەگێژی ئەکەم .

**دکتۆر** : نیو سەعات درەنگتر هەڵسە لە خەو

* * * * *

( ٢ )

**خولە** : بلە، ئەگەر ملیۆنێك دینار بدۆزیتەوە

چی ی لێ ئەکەی ؟ .

**بلە** : ئەگەر بزانم خاوەنەکەی پیاوێکی فەقیرە

ئەیدەمەوە دەستی .

## بۆ زاخاوی مێشك

**ئەم بۆشاییانە پڕ بکەرەوە بە مەرجێك :**

**١ ـ لە هیچ بۆشاییەك ژمارە ، دووبارە نەبێتەوە**

**٢ ـ سەرجەمی ژمارەکان لە هەموو لایەکەوە بکاتە ( ١٥ ) .**

| | | |
|---|---|---|
| | | |
| | ٥ | |
| | | |